پارێزگاری هەولێر لەگەڵ سەرکی یەکێتی تێپی پێی عێراق کێبوویەوە

پارێزگاری هەولێر، پێشوازی لە سەرکی یەکێتی تێپی پێی عێراق کرد.

ئەمە یەکشەممە ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر لە دیوانی پارێزگا پێشوازی لە عەدنان درجال، سەرکی یەکێتی تێپی پێی عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا، گفتوگۆ لەبارەی دۆخی وەرزش و پەرەپێدانی تێپی پێ بە شێوەیەکی گشتیی لە کوردستان و شاری هەولێر بە تایبەتی کرا و جەخت لە گرنگی هەماهەنگی و هاوکاری نێوان هەردەولا کرایەوە.

لە تەوەرێکی تری دیدارەکەدا، دۆخی وەرزش و لاوان لە هەرێمی کوردستان و عێراق و پێویستی بە هەزکردنی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان دەزگا پێیوەندیدارەکان تاوتوێ کرا و جەخت لە گرنگیی کارکردن بە ڕێکخستن و بەشداریکردن و ئەنجامدانی چالاکی و پاڕەوانیەتی نێودەوڵەتیی وەرزشی لە هەولێری پایتەخت و باشتر و چاکتر بەرەوچوونی خولی ئەستێرەکانی عێراق کرایەوە.